www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 27-7-2006 15:03

## لە هەڵەبجە بووم: لێكۆڵینەوە لە بوارە ژیانییەكانی هەڵەبجە .. بەشی چوارەم وكۆتایی ... ئەكرەم عەنەبی

### " لایەنی كۆمەڵایەتی "

لایەنی كۆمەڵایەتیی هەر گروپێكی مرۆیی لە شێوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و پابەندبوون و پابەندنەبوون پێیانەوە دەردەكەوێت. لەسەر ئەم بنەمایەش دوو جۆر كۆمەڵگە هەیە. كۆمەڵگە داخراوەكان و كۆمەڵگە كراوەكان. لە كۆمەڵگە داخراوەكاندا پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان پتەو و توندوتۆڵن و لەسەر نەریت بونیاد نراون و تەنانەت بە چاوی پیرۆزەوە سەیر دەكرێن. لادان لێیان بە گوناه و تاوان دەدرێتە قەڵەم و تاك دوچاری لێپرسینەوە دەكاتەوە. بەڵام پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە كۆمەڵگە كراوەكاندا تا رادەیەكی زۆر شل و شۆڵن و لەسەر بەرژەوەندییەكان بونیاد نراون و نابنە شتی پیرۆز و. لادان لێیان زۆر جار بە هونەر دەدرێتە قەڵەم.
كۆمەڵگەی داخراو و كۆمەڵگەی كراوە پابەند نییە بە رادەی هۆشیاری و پێشكەوتوویی عەقڵی تاكەكان یاخود زیرەكی و... هتدەوە. دەكری لە كۆمەڵگەیەكی داخراودا رێژەی هۆشیاری زۆر زیاتر بێت وەک لە كۆمەڵگەیەكی كراوەدا. بەڵكو وابەستەی بیری كۆمەڵایەتی و روانگەی تاكەكانە بۆ كۆمەڵ و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان.
لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە. ژیانی نێو كۆمەڵگە داخراوەكان زیاتر ئاسودەی دەكات و پابەندبوون بە نەریت و كۆت و بەندە كۆمەڵایەتییەكانەوە زیاتر لە رۆحی مرۆڤ نزیكترە تا ژیانێكی تاكانەیی فەردانی و دابڕان لە كۆمەڵ و ژیان لە دووتوێی چوار دیواری تەنیادا. هەر بۆیەشە تەنیا شتێ كە رۆژئاوا حەسرەتی بۆ بخوات و لە رۆژهەڵاتدا هەبێت. ئەم پەیوەندییە كۆمەڵایەتی ـ ئەخلاقییانەیە.
بە راستی گرنگە مرۆڤ لەبەر خاتری پەیوەندییەک كە بڕوای وایە واجب و پێویستە لەسەری كە بەردەوام چەند كاتژمێرێك یاخود رۆژێ یا زیاتر بۆ پرسەیەک تەرخان بكات و چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشتێكی ماددی نەبێت. یان شەوانە بێ هیچ مەبەستێكی ماددییانە (بەرژەوەندی) ماڵە خزمان و دۆستان بەسەر بكاتەوە و... هتد.
بێگومان ئەم رەفتارە كۆمەڵایەتییە جۆرێكە لە ئەخلاق و. بە بڕوای (ئەفلاتون) یش ئەخلاق رێگەی گەیشتن بە فەزیلەتە. هەر بۆیە خۆشی فەزیلەتە. بە بڕوای ئەو چێژ مرۆڤەكان بەرەو ئەخلاق و پابەندبوونەكان رادەكێشێ. لە كاتێكدا (كانت) پابەندبوون بە حەز و چێژەوە گرێ نادات و بە (مەجبوری ـ ناچاری) یەوە دەبەستێ و. ئەم دوورییە لای (برجسۆن) بەوە چارەسەر دەكری كە پابەندبوون چێژ و ناچارییە. واتە پابەندبوون لە هەندێ كاتدا ناچارییە و لە هەندێ باری دیكەدا چێژ لێبینینە.
من پێم وایە رایەكەی (ئەفلاتون) لە هەناوی تاكێكی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەیەكی داخراوەوە سەرچاوەی گرتووە و بڕوای (كانت) یش دەرهاویشتەی كۆمەڵگەیەكی بەرژەوەندیخوازی كراوەیە. كە بێگومان لەو كۆمەڵگە كراوانەدا كە ئەخلاق بە یاسایی دەكرێت. رۆحی ئەخلاق و پابەندبوونەكان دەمرێنرێن. ئیدی چێژیش لە شتە مردووەكان وەرناگیرێت.
هەڵەبجە لە رووی كۆمەڵایەتییەوە كۆمەڵگەیەكی داخراوە. بەو واتایەی كە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ئامادەگییەكی زۆر كاریگەریان هەیە و زۆربەی زۆری خەڵكی هەڵەبجە بە بی هیچ بیركردنەوەیەک و بە تەواوی چێژوەرگرتنەوە نەریتە كۆمەڵایەتییەكان جێبەجێ دەكەن.
بەڵام ئەم دیاردەیە لە شارە گەورەكاندا تا رادەیەک سنورەكەی بەرەو تەسكبوونەوە چووە و لە هەمان كاتیشدا كاڵ بووەتەوە.
كەسێكی نەشارەزا لە شەوانی سارد و قوڕ و چڵپاوی زستاندا لە هەڵەبجە لە دەرەوە بێت. سەرسام دەبێ بەو هەموو خێزانەی كە بە نێو ئەو قوڕ و چڵپاوەدا و بە پیادە ئەو رێگە زۆرە دەبڕن و بۆ سەردانی ماڵە خزمێ یا ناسراوێ دەڕۆن و. سەیر لەوەشدایە لە نێوان كاتژمێر (10 ـ 11) ی شەودا بە هەمان ریتمی پێشوو ـ رۆشتنێكی تارادەیەک خێرا ـ دەگەڕێنەوە.
گەر لایەنی نێگەتیڤی ئەم دیاردەیە تەنیا لە سەرێكەوە بێت و ئازادیی تاكەكان كاڵ بكاتەوە لە چەندین سەرەوە پۆزەتیڤییە و ئەم جۆرە لە تێكەڵاوی داینەمۆیەكی بەتینی رۆحی گروپی تاكەكان و زیندووكردنەوەی ویژدان و میهرەبانییە لە دڵی هەموو تاكێكدا و پەروەردەیەكی بێدەنگی بەتینە بۆ مامەڵەكردنێكی دروست لەگەڵ ژیاندا. چونكە بە نەمانی ئەم جۆرە سەردانانە. مرۆڤ ـ تا رادەیەكی زۆر

. دەبێتە ڕۆبۆتێکی کارکردن و تەواوی هەستە مرۆییەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەچێ. بە تایبەتی تاکە تەنیاکانی نێو کۆمەڵگە . ئەو ڕەبەن و خێزانانەی کە منداڵیان نییە ..

بەراستی من زۆرم بەلاوە سەیرە کە بە بی هیچ بەرژەوەندییەک دیاردەی (شەونشینی) دیاردەیەکی باو بێت. ئەمە تەنیا بە چێژی بە فەزیلەت گەیشتن لێکدەدرێتەوە. ئەو چێژەی کە لە عەقڵیەتێکەوە دێت کە ئامانج و مەبەستی مەعنەوی پشت بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنێتەوە. کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیرنەبوونی مرۆڤ.

بە ڕاستی خەڵکی هەڵەبجە . تا ئەو کاتەی بەم شێوەیە لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بڕوانن . هەمیشە بە شەوق و چالاکییەوە دەژین و هەمیشە خاوەن ڕۆحیەتێکی گەنجانە دەبن.

ڕاستە ئەم پێکداچوونە تۆخە کۆمەڵایەتییەی هەڵەبجە کۆمەڵێ دیاردەی وەک قسەهێنان و بردن و باسی خەڵک کردن و... هتدی هێناوەتە ئارا. بەڵام دەروازەیەکی لەبارە بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤ.

ڕەنگە گەنجانی ڕۆشنبیری هەڵەبجە . ئەو گەنجانەی لە شارەکەدا دەژین . ئەم گوتانە بە نارێک بدەنە قەڵەم. چونکە ئەوان بێزاریی خۆیان لەو پێکهاتەیە دەردەبڕن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پێکهاتەیە کاتێک دروست دەکرێت کە لێی دەربچیت و پەیوەندییە بەرژەوەندیخوازییەکانی شوێنەکانی دیکە هەست پێ بکەیت. ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی هەڵەبجە چەندە بۆ ڕۆحی مرۆڤ گرنگە. دەرککردنی ئەم گرنگییە سەد هێندە. چونکە گەر مرۆڤ دەرکی گرنگیی ئەو شتە هەبووانەی خۆی نەکرد و بەردەوام چاوی لەسەر هەبووی دەرەوەی خۆی بوو. ئیدی توانای ئەوەی نییە هەست بە گرنگیی خۆی و شتەکانی خۆی بکات.

کە کەسێکی ئاسایی لە هەڵەبجە دەمرێت و کەسێک لە سلێمانی یاخود هەولێر دەمرێت. ئەو هەڵمەتە گروپییەی لە هەڵەبجە بۆ شتن و شاردنەوە و پرسە لە هەڵەبجەدا دەبینرێت. هەرگیز لە سلێمانی و . تا ڕادەیەک . هەولێردا نابینرێت. کەی لە هەڵەبجە گرفتی مردووشۆر و قەبرهەڵکەن و تەنانەت گۆڕستان پەیداکردنت تووش دەبێ. کەچی لە شارە گەورەکاندا ئەگەر پارەشت هەبێ هێشتا هەر گرفتە. هێشتا هەر دوچاری مەینەتی دەبیتەوە. کە لە گۆڕستان پێشتر زەویت نەکڕیبێت . لە هەولێر . دەبێ مردووەکەت بە هەزار دەردیسەری ببەیتەوە گوندەکەی خۆتان! کوا لە هەڵەبجە گۆڕهەڵکەندن و مردووشۆردن بە پارەیە؟ کێ لە ئێمە . لە فەقیرترینی ئێمە . توانای پەیداکردنی مردووشۆر و گۆڕهەڵکەن و تەنانەت تەڵقینخوێنیشی نییە. چ کەسێ لە شاری هەڵەبجە گلەیی لە پرسەکەی باوکی یاخود خزمەکەی هەیە. کێمان لەوە دەترسێ نزیکێکی بمرێت نەوەکو ئابڕوی بچێت. ئاخر ئێستا تازیە لە سلێمانی لە ئاهەنگی بووک گواستنەوە دەچێت و دەبێتە مایەی ئەرک و قورسییەکی زۆر بەسەر تازیەدارانەوە.

لەو بڕوایەدام ئەم دیاردەیەی سەرەوە لە هەڵەبجە ئەنجامی دروستی پەیوەندییە توندوتۆڵە کۆمەڵایەتییەکانە. چونکە لە ئەنجامی پێکەوەبوونی زۆرەوە . بە سەردان و شەونشینی . لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییەوە ئولفەتگرتن لە نێوان ڕۆحی مرۆڤەکاندا دێتە کایەوە و لە هەر گرفت و ڕووداوێکدا ئەو ئولفەتە پاڵنەری بنچینەیی دەبێت بۆ یارمەتیدان و بەسەرکردنەوە. هەر ئەم ئولفەتەشە وایکردووە هیچ هەڵەبجەییەک . تەنانەت کوڕوکاڵی تازەپێگەشتووش بە ڕادەیەکی بەرچاو . تازیە بە بێگار . سوخرە . نازانێت و ماندو نابێت لە وەستانی نێو تازیەدا و ڕێگەبڕینی سەردان و شەونشینی.

من ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی گەشی کۆمەڵایەتی دەبینم لە هەڵەبجەدا. دیاردەیەکە کە کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤی هەیە لە بەردەوامیی ژیان. هەر ئەمەش نهێنیی مانەوە و ژیانە لە نێو ئەو کەلاوانەدا. گەر دەسەڵات بیەوێ هەڵەبجە بکوژێت. پێویستە بوارێکیان بۆ نەهێڵێتەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بێگومانم هەڵەبجەییەکان شانسیان هەبووە کە حکومەتی کوردی هەر لە ساڵی (1991) دا شارەکەی بۆ نەکردنە شارێکی تەکنۆلۆژیی بێ ڕۆحی مردوو. تەنانەت درەنگ هاتنەوەی کارەبا پچڕپچڕەکەشیان هەر سودی بۆ ڕۆحی مرۆییانەی ئەوان هەبوو.

تاکی هەڵەبجەیی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیندووە. ئەگەرنا لە بوارە ژیانییەکانی دیکەدا هەڵەبجە جگە لە بێئومێدی هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێ. هەر ئەم لایەنەشە کە حکومەتی کوردی و ئەو دەسەڵاتدارانەی کە دوژمنن بە خەڵکی هەڵەبجە و پێیان وایە ئەوان بەخێوکەری تیرۆرن. بە هەڵەیەکی زەقدا بردووە. ئەوان حسێبیان بۆ ئەم لایەنەی هەڵەبجە نەکردبوو و نەشیانکردووە. بەداخەوە دەڵێم.. گەر دەتانەوێ هەڵەبجە کۆنترۆڵ بکەن. ئەم لایەنە کۆمەڵایەتییەی لێ بدزن. وەرن شوشە لە هەڵەبجەدا زیاد بکەن. کارەبای فول و سینەمای زۆر و پارک و شەقامی مەڕمەڕ و... هتد ڕۆحی کۆمەڵایەتیی هەڵەبجەییەکان دەکوژێت. ئەوان گەر ڕۆژانە ماندووی نێو شەقام و پارکەکان بن و شەوانەش لە زۆربی کاتژمێرەکانی کارەبادا بەرنامەی سەتەلایت و تەلەفزیۆنەکان ڕێکخەن. ئیدی وردە وردە

سەردان و هاتوچۆکانیان کاڵ دەبێتەوە. بە کاڵبوونەوەی ئەم ڕۆحیەتە کۆمەڵایەتییە. دروست ئەو کاتەی بەرنامەیەکی سەتەلایت لە میوانداریيەک خۆشتر بێت لایان. یەکەم هەنگاو بۆ کوشتنی ڕۆحی ئەوان نراوە.

لە ئەنجامی بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتەدا ئیدی ئولفەتی کۆمەڵایەتی نامێنێ. بەڵام من دڵنیام بە دەرککردنی گرنگیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئێستا کە لە تەواوی دونیادا گەر بەرنامە بۆ گێڕانەوەیان نەبێت حەنین و هاوسۆز هەیە بۆیان و. دان بەوەدا دەنرێ کە ژیان بەوانەوە جوانە. ئەم پەیوەندییانە لە هەڵەبجەدا بەرەو کزی ناڕۆن و تا ڕادەیەک لە زۆرینەی نەوەی نوێشدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەڵەبجەییەکان لەلایەن دەرەوەی خۆیانەوە زەرەریان لەم حاڵەتی بەیەکداچوونە کۆمەڵایەتییە کردووە. تا ئێستاش لە هەڵەبجە میوان بە پیرۆز و بە گوتەی باو (حەبیبی خوا) سەیر دەکرێت. پێشوازیی هەڵەبجەییەکان لە بێگانە ئیسلامییەکان (میوانە ئیسلامییەکان) کە لەگەڵ شەپۆلی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هاتنە هەڵەبجە. لای هەڵەبجەییەکان ئەوەندەی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەبوو. ڕەهەندێکی سیاسی نەبوو. هەر ئەمەش بوو دواجار بووە خۆرەی گیانی ئەوان و میوانەکان بوونە خاوەن ماڵ و خانەخوێیەکانیان دەرکرد و ماوەیەک شارەکەیان شێواندبوو. هەر ئەم ڕۆحە کۆمەڵایەتییە بوو لە کاتی شەڕی (بزوتنەوە . یەکێتی) دا وایدەکرد خەڵک یارمەتیی بریندار و هەڵهاتووەکانی هەموو لایەکیان بدات. ڕەنگە هەر خێزانێکی هەڵەبجە پارتییەکی لە دەستی یەکێتی. یەکێتییەکی لە دەستی بزوتنەوە. ئیسلامییەکی لە دەستی عەلمانی و... هتد شاردبێتەوە و ڕزگار کردبێت. ئەوان گەر دوژمنەکەشیان بچێتە ماڵیان توانای ئەوەیان نییە دەست بنێن بە ڕوویەوە. هەر ئەم ڕۆحیەتەشە وای لە هەڵەبجە کردووە کە شەڕ و ئاشتی تیایدا هەمیشەیی نەبن.

کۆتایی: ڕەنگە پرسیار بکری بۆچی بە تەنیا هەڵەبجە.. یاخود گلەیی ئەوە لە کۆی ئەم نووسینانە بکرێت کە گرنگیدانێکی زیادە بە هەڵەبجەیە و دروستکردنی ڕۆحی دژایەتیی نێوان شارەکانە . بە تایبەتی هەڵەبجە و سلێمانی ..

من دان بەوەدا دەنێم کە گرنگیپێدانێکی لەڕادەبەدەرم بە هەڵەبجە هەیە. ئومێدەواریشم هەلومەرجی تایبەتی خۆم بواری ئەوەم پێ بدا بڕۆمەوە لەوی . دروست لە نێو ئەو تەپوتۆزی هاوین و قوڕوچڵپاوەی زستانی هەڵەبجەدا . بژیم. بەڵام من زۆر بە وردییەوە مامەڵەم لەگەڵ بابەتەکەدا کردووە. ڕەنگە گەر لەسەر شارەکانی دیکەم نووسیبایە. ئیدی هێندە لەسەر هەڵەبجە قسەم نەکردایە. یاخود گەر بابەتێکی مرۆیی گشتی بوایە و من لەسەر هەڵەبجە پیادەم بکردایە. حەقی گلەیی هەبوو.

لە ڕاستیدا گەر من کەسێکی بێلایەن بوومایە . لە نێوان سلێمانی و هەڵەبجەدا . زۆر بە درێژی لەو پەیوەندییە نێگەتیڤییە سایکۆلۆژی مێژووی و... هتدەی نێوان خەڵکی ئەو دوو شارە دەدوام. جگە لەمەش هەستی خۆشەویستیم بۆ سلێمانی . کە ماوەیەک تیایدا ژیاوم تا ڕادەیەک بە شاری خۆمی دەزانم . ڕێگرم بوو لە بەردەم گوتنی هیچ وشەیەکدا. ئەوە حەقیقەتێکە گەرچی نەخوازراو و تاڵە. بەڵام بوونی هەیە و بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت و خەڵکی وشیاری سلێمانیش دانی پێدا دەنێت. پێم وایە ئەو پەیوەندییەش لە ئاستی قسەدا (زماندا) کارێکی سادەیە و نمونەی لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا دەبینرێت. بەڵام خەتەری گەورە لەوەدایە بگاتە ئاستی هەڵوێستی کرداری.

بەهەرحاڵ... هەڵەبجە وەک هەر شوێن و گروپێکی مرۆیی دیکە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە. من لێرەدا لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە ئەو لایەنانە بخەمە ڕوو. چونکە لەو بڕوایەدا بووم کە خەڵکی دەرەوەی هەڵەبجە هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان وەکو خۆیان ناناسن.